پشکنینی نهێنیەکانی خۆسوتان

مەجید عەزیز
بەشی یەکەم

"هەبم یان نەبم.. ئەمە پرسیارەکەیە"
شکسپیر

" ئێمە ئەمەندە تەنیاین لە ژیاندا دەبێت لە خۆمان بپرسین کە ئایا تەنیایی و مردن سیمبولیزمی بونمانە وەک بونێکی مرۆڤانە".

ی.م کۆریان

شکسپیر، لەناو ئەم بابەتەدا (لەبەردەم خۆکوژی و بوندا) بەو شێوەیە دەماندوێنێت: بون یان نەبون؟ ئەم دواندنە، تەنیا لەو ئاستەدا جدی نیە کە لەبەردەم ژیانی ئەوانی تردا دامانەدەنێت بۆ تێرامان و بیرلێکردنەوە، بەڵکو لەبەردەم نرخ و بەهای ژیاندا دامانەدەنێت و خۆشمان دەبینە بەشێک لەو نرخ و بەهایە. بون یان نەبون؟ دیارە بیرکردنەوە لەم بڕگەیە، هێندە قورسایی خۆی هەیە، تاکو قولاییەکانی بەرپرسیارێتیکردن بەرامبەر بیرکردنەوەمان ببات. بێگومان، ئەم بڕگەیە، زۆریش دەماندوێنێت بەرامبەر ئەوەی هەبین، یان نەبین. وە ئەگەر هەبین، ئایا چۆن هەبین؟ وە ئەگەریش نا، بۆچی و چۆن نەبین؟ بێگومان،کەواتە هەبین، یان نەبین، ئەمە پرسیارەکەیە بۆ خۆی. ئەم بڕگەیە، زۆر لە نزیکە وە دەماندوێنێت، بەو هەستەی کە بونێک بە سوتاندنی خۆی مەوجەی پرسیارەکەیە لەناو ژیاندا: بون یان نەبون؟ بەڵام، دەپرسم: ئایا خۆسوتاندنەکە کامیانە؟ ئەم دواندنە شکسپیریە،گەڕانێکی قوڵە بەناو دۆزینەوەی جۆرێک لە وەڵام و ئاڵتەرنەتەیڤ بۆ بون لەناو جیهاندا، بۆمانەوەو مامەڵەکردن بە ژیانەوە، ئەگەر ئەمە بکرێت، چونکە بۆ خۆی مامەڵەکردنێکی ڕێژەگەرە لەگەڵ ژیانی کەسەکاندا. دواندنێکە، بەهەمو شێوەیەک مامەڵەکردنی مرۆڤایەتیە وەکو تاکە کەس لەبەردەم بون و نەبونی خۆیدا. بون یان نەبون: ژیان یان مردن، خۆسوتاندن یان مانەوەو ئاگر لەناوەوەماندا؟ مانەوە لەناو گێژاوی بیرکردنەوە لەو خۆسوتاندنە، یان خۆ مەحفکردنەوەیەکی تەواوەتی؟ بەڵام خۆسوتاندن، میدیۆمی کەناڵەکانی "بونە" کە پرسیاری بە گژداچونەوەیە لەبەردەم ژیاندا، ڕیاکشن و یاخیبون و تورەیی و تورەهەڵدانە، بەڵام ئایا ئەمە لە بێدەسەڵاتیشدا یان چۆن؟ لێرەدا دەبێت، تۆزێک، زیاتر بیر بکەینەوە، چونکە نازانم ئایا چۆن ئەم وشەیە، واتە وشەی (بێدەسەڵاتی) لە چوارچێوەکەی خۆیدا وەربگرین و بەیانی بکەین. دەپرسم: ئایا بەڕاستی ئەم خۆسوتاندنە بێدەسەڵاتیە؟ یان ئەم کارە، بونێکی بێدەسەڵاتە؟ من، بۆ خۆم لە ڕاستیدا وایناینم.کەواتە دەبێت هیچ نەبێت پێناسەی (دەسەڵات) بکەین لێرەدا، ئەگەر بێدەسەڵاتیش بێت، بەڵام فۆرمێکی دەسەڵاتیشە بەرەو ئەو بێدەسەڵاتیەی نغرۆی کردوە بەرەو ئەو بڕیارە. لێرەدا ناشمەوێت هیچ گەمەیەکی زمانەوانی بەکاربهێنم، چونکە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە،گرنگیەکی زۆری هەیە. چونکە، ئەمە هێندە کارێکی ئاسان نیە، ئایا کێ دەتوانێ، یان هەر یەکێک لە ئێمە، ئاوا، هەر بەو شێوەیە، بە ئاسانی گڕ لە خۆی بەربدات؟ ئەگەر وابڵێم. ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم، نابێدەسەڵاتکردنی ئەم کردارەیە. ئەمە بێدەسەڵاتی نیە، بەڵکو دەسەڵاتە بەرامبەر سیستەمێک کە وا دەکات وابکەیت، یان تەواوی خۆکراوەیی و ئامادەباشی لەناو جیهاندا بدەیتە دەست دواییەن بڕیاری خۆکوژی. ناچارم، ئاماژە بە دیوانە زۆر تەنیاو تاقانەکەی (لە غوربەتا) بکەم لێرەدا. چونکە، مەگەر تەنیا (محەمەد عومەر) لە شیعری کوردیدا بتوانێت، یان توانیبێتی ستایشی ئەو جۆرە ئاگرە بکات، دەڵێت:

"خۆزگە ئەمتوانی گڕ لە خۆم بەردەم
دوکەڵم ببێ بە تارای سەر ڕوت
یان بمرم و سەگ لە لاشەم تێربێ
دنیای ڕوانینم مردنەو تابوت"

خۆزگە ئەمتوانی!! شاعیر بەو هەمو هەستەیەوە بۆ ژیان و دونیا کە هەیەتی و کە بونەوەرێکی غەریب و تەنیایشە لەناو ئەم جیهانەدا، تەنیا خۆزگەی هەیە یاخود هەبێت" گڕ لەخۆبەردان" ی خۆیەتی. محەمەد عومەر عوسمان، بەهەمو شێوەیەک ئەو خۆزگەیە دەهێنێتە ناونوسینەوە بەڕاستی، تەنانەت دەیکات بە ڕاست. بەڵام لەناو شیعردا، خۆزگەی گڕتێبەردان، ئەمە کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو قورسایی خۆی بە جێدەهێڵێت لەسەر سایکۆلۆژی خوێنرێژ. ئەم جۆرە خۆزگەیە، بەناو نهێنیەکانی ڕازینەبون و مانەوەدا گوزەر دەکات، خۆزگەیەک بەهەمان شێوە دەماندوێنێت لەبەردەم بڕیاردان و بڕیارنەدانـدا. چونکە هەڵگری پەیامێکە، بەڵام لەناوەوەدا. چونکە، لە ڕاستیدا، ئەوی لە شیعردا دەیڵێت،ڕاستیەک و پاکیەکی بێهاوتایە، بەڵام بڕیارە کە تەنیا لەناو شیعردایە و نایێتە کردارێک. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر ڕاستگۆ نیە، نا بەڵکو، ڕاستگۆترین شاعیر هەبێت لە ئاست تەوزیفکردنی (خودگەراییدا) لە هەشتاکانەوە، ڕەنگە بەهەمو شێوەیەک بۆ محەمەد عومەر عوسمان بگەڕێتەوە. گڕ لە خۆبەردان لەناو شیعردا، گڕ لە خۆبەردنە لەناو ستراکتۆری هەست و بیرەکانی شاعیردا، چیدی ئەمە لە ڕاستی ترین ڕاستیش ڕاستترە. دەتوانم بڵێم ئەمە جۆرە خۆزەگەیەکە، تەنانەت موغامەراتی شیعری کوردیە لە هەشتاکاندا. ئەم جۆرە خۆزگەیە مولکی دیوانی لە غوربەتایە لە هەستە زۆر شاعیریەکەیدا بۆ نوسینی شیعر. دیوانی لە غوربەتا، ئیمزایەکی شیعری نوێ و مۆدێرنە لەناو ئەدەبی کوردیدا. بە هەرحاڵ، بڕیاردانی یەکێک بەو کردارە(خۆسوتان)، بۆ خۆی ڕوبەڕوبونەوەیەکی ئەبەدیشە لەگەڵ بون و ژیاندا. خۆسوتانیش لەناو دەقدا مانیفێسکردنەوەیەتی بەشێوەیەکی تر. چونکە خۆزگەیەکی بەو شێوەیە،کارێکی هێندە ئاسان نیە، بەڵام شاعیر بە ڕەوای دەزانێت و بە ڕەوای دەبینێت. چیدی ئەم ڕەوابونە هەرچیەکیش بێت خۆیدەسەپێنێت بە سەرماندا. خۆسوتان، نازانم ئایا چۆن چۆنی بێدەسەڵاتی بێت؟ چیدی ئازایەتیەکی سەیری دەوێت، تەنانەت، ئەگەر یەکێک هەر ئاماژەشی بۆ بکات و ناویشی بهێنێت، چونکە ئاماژە بۆکردن لە بۆ دیاردەیەکی بەم شێوەیە، هەڵگری ڕاستگۆیی و جۆرە هەستێکی بەریئانەیە، کە ئەویش بەهەمو شێوەیەک لەناو چوارچێوە بێتاوانیەکەیدا خولدەخوات، بەڵام بەهەمو شێوەیەکیش لەناو جیهانە زۆر زۆر خودگەرایەکەیدایەتی، چونکە کاریگەریەکی سۆسیۆپۆلۆتیکانەی لەسەرە کە ئەنجامگیریە لە ڕیاکشنێکی سایکۆلۆژیانەدا بەرجەستە بۆتەوە. دەسەڵاتی خۆسوتان، بەهەمو شێوەیەک بێدەسەڵاتی بەربەریەتو ستەمکاری بەرجەستە دەکاتەوە لەناو ئەو شوێنەدا، کە ناتوانێت و نازانێت بە دیموکراسی بژی و ڕێزی(دەسەڵات) بگرێت لە دیدگا میوتاڵەکەیدا، واتە لە دابەشکردنی ئەو دەسەڵاتەدا کە ئارەزوی دەکرێت بۆ مومارەسەکردن و بەکارهێنان.

بە ڕەوایەتیکردنی ئەم دیاردە زۆر ترسناکە، دیارە بە ڕەوایەتیکردنە بە جۆرێک لە شەرعیەتپێدان بە خودی سیاسەتێک کە دەسەڵات بە جۆرێکی خراپ بەکاردەهێنێت و بە شێوەیەکی هیومانانە تەماشای بەشداربونەکانی ناو (کایە)ی ژیان ناکات. بەکورتی، ئەم بە ڕەوایەتیکردنە، فەلسەفەی تەماشاکردنی هەمو وردەکاریەکە بۆ کەسایەتی کە هەلومەرجە توندوتیژەکەی لێو بەرهەمدێت. بەمانایەکی تر، ئەمە وامێدەکات بڵێم، نەک بەو شێوەیەی، بۆ نمونە ئەرستۆ پێناسەی دەکات لە بۆ خۆکوژی" ئەرستۆ کرداری خۆکوژی بە ترسنۆکی لە قەڵەم دەدات، وە هەروەها کردارێکە کە دژی دەوڵەتیشە، بەڵام فیساگۆرسیش بە هەمان شێوە" (هەرچەندە بە ڕای هیراکلیتس، فیساگۆرس بۆ خۆی، خۆی کوشتوە، کە نانی نە خواردوە تاکو ڕادەی برسیبون و خۆکوژی)"، کێشەکە تەنیا، لە وەدانیە کە بەو شیوەیە "ترسنۆکی و ناعەدالەتی" لە دیاردەی خۆکوژی بڕوانین، بەڵکو ئەوەیە،کە هەلومەرجێکی وا هەیە ئەو خۆکوژیەی بە لاوە ئاساییە. یان باشتر بڵێین، ئەو ڕێگای بەو خۆکوژیە خۆشکردوە. ئەگینا، لە جیهانبینیە زۆر خوداگەراییەکەیدا، بۆ ڕوانین لە خۆکوژی، هەرچەندە بە لای منەوە "ترسنۆکیش" نیە لە ڕاستیدا، ڕاستە کە دان بەوەدا بنێین (کارێکی بێبەرهەمە)، بێبەرهەمە لە دیدگا زۆر زاتیەکەیدا، ئەگینا لەکاتی خۆسوتانا و دیتنی ئاگر و سوتان، بۆ خۆی نمایشکردنە بە سوتان و ئاگر لەناو خێزانو کۆمەڵگادا، بە دیدێکی جیاوازە بۆ ئەم دیاردەیە، دەبێتە جۆرێک لە ڕۆشنگەری، تەنانەت ڕۆشنگەری بە بێ ئەوەی تەواوی کۆمەڵگا خۆی لە ئاستە عەقڵیەکانیشیەوە گواستبێتەوە. چونکە نمایشکردنی توندوتیژی (جەستە) بەم شێوەیە بەهەمو ئاکامێک ئاماژەیە بە خودی ئەو شوێنە لەناو توندوتیژیدا. دیارە، ڕۆشنگەری بەو مانایەی،خودی خۆسوتانەکە، تەعبیر لە خودی ئەو کۆمەڵگاو شوێنە دەکات، کە ئەو خۆکوژیە بەرهەمدەهێنێت. کێشەی پێناسەکردنی ئەرستۆ ئەوەیە، کە تەنانەت (ژنان) پەراوێز دەکات، تاکو ئەو ڕادەیە کە خودی خۆکوژیشیان لێدەسێنێتەوە. هەرچەندە ئەرستۆ، ئەو پێناسەیە بۆ کەسەکان دەکات، نە وەک بۆ ژن بە تەنیا، بەڵام، ئەوەی قەیران دروست دەکات، ئەوەیە، کە وەکو بەربەستێکی ئەخلاقی لێبێت وایە. چونکە ئیلتیزامێکی بێسنور دەسەپێنێت بەسەر هاوڵاتیبوندا وەکو بونەوەرێکی ئەخلاقی. وە هەروەها، ی.م.کیۆران، دەڵێت" یەکێک دەبێت ئەوەی لە بیر نەچێت، فەلسەفە هونەری ماسکی(قیناعی) ژانەکانی ناوەوەیە"، ئەم دەربڕینە، بەهەمو شێوازێک شاعیری لە "غوربەتا" دەگرێتەوە بە لای منەوە. محەمەد عومەر عوسمان، تاکو هێزی تیادا بو، لەناو دیوانە زۆر دانسقە و تاقانەکەیدا، لە ناوەوە شیعری پێشکەشکردین، لە ڕۆحیەوە شیعری دەنووسی. تەنانەت، دەتوانم بڵێم، محەمەد عومەر عوسمان دیوانێکی نووسی کە لە ناویدا خۆی کوشت، بەهەمو شێوازێک بانگەوازی بە خۆیدا لە خۆکوژی و لە غوربەت و لە تەنیایی، بەڵام ئەوەی گرنگە ڕاستگۆیی هەستە شیعریەکەیە، کە دەخوازێت بەهەمو مانایە ک پێچەوانەکانی دابین بکات.

ئەمانوئیل لیڤیناس دەڵێت" تەنیا بونێک کە بتوانێت بەخشندەبێت، دەتوانێت خۆییشی بکوژێت" هەروە ها دەڵێت" مرۆڤ کە بڕیاری خۆکوژی دەدات گرنگە پێناسەی بکەیت وەک توانای ژیانی لە بۆ ئەویدی وە بونێک لە سەر بناغەکانی ئەوێکی دی کە جیهانی دەرەوەییە بۆ ئەو" هەرچەندە، ئەو دەربڕینەی ئەرستۆ، بۆ خۆی دەبێتە مۆرالی ئاینیش لە ڕاستیدا، یان لە سەر هەمان کۆڵەگە خۆی فۆرمولە دەکاتەوە. وە هەر ئەمەیە، کە هەڵگری قەیرانە بە لای منەوە، چونکە خۆکوژی بەو شێوەیە بە شێوەیەکی زۆر بێئەندازە(خوداوەند) پەست و تورە دەکات. چونکە، ئەو مۆرالیتیە ئەرستۆییەی کە لە مامۆستاکەیەوە وەریدەگرێت، دەبێتە تەواوی کەلتوری خۆرئاوای ئاینی و دواییش نۆرمیکی گەردونی. گوایە، مرۆڤ هیچ دەسەڵاتێکی لە سەرو دەسەڵاتی خوداوە نیە، بەڵکو دەبێت هەمیشە ملکەچی ئەو بێت، لەبەر ئەم هۆیە، خۆکوژی تاوانە و مرۆڤ لە بوونی (خودا) کەمدەکاتەوە!! ئەگەر بە تەنیا لە دیوێکیە وە بڕوانینە کردارەکە، چونکە کە تەنیا بە دیوێکدا، تەنیا ئەوە ببینین کە شتێکی خراپەیە و دوژمنکارانەیە لەناو سروشتدا بۆ مرۆڤایەتی، ئەمەیان شتێکی تر دەکەوێتەوە، بەڵام خودی دیاردەکە هەڵگری چەند دیوێکە بۆ خوێندنەوەو لێکدانەوە. ئایا بەجۆرێک لە جۆرەکان، واناکات خودی ئەو سروشتە تەواوی قەیرانەکانی چوار دەوری هۆکارەکانی ئەو قەیرانە بخوێنێتەوە؟ لەبەر ئەمەیە، لە لای سەینت ئۆگەستین، بۆ نمونە، ئەم کردارە ڕەهایەو ئارگیومێنتێکی ئۆتۆریتانە یە لەبەردەم کلێسادا، چونکە پێچەوانەو دژایەتیکردنی فەرمانەکانی خودایە، بەتایبەتی فەرمانی شەشەمین، تیایدا هاتوە (تۆ نابێت بکوژیت/ Thou shall not kill)بێگومان، ئەمە شەرعیەتی مۆرالی خۆی هەیە لە سنوری ئارگیومێنتەکەدا، نەوەک لە پێناو شتێکی تردا، یان ئۆزردەرێکی گەردونی و ئاسمانی لە لایەن خوداو ئاینەوە. کەواتە دوبارە، ئەوەی لێرەدا بابەتە بوونی (خودا)یە، نەک بوونی (مرۆڤ). وە هانا ئارێنتیش دە لێت' 'درێژە پێدانی مەسیحیەتیش لە بۆ فەزای (پیرۆزی ژیان) کە بەشێکە لە پاشخانی ئەساڵەتی عیبری (Hebrew)،وە زوتر جیاوازیەکی دروستکرد لەبەردەم شێواز وەرگرتن بۆ ئە نتیکیویتی/ کلاسیک: بێباوەڕەکان / The Pagan contempt، ژیان بۆ سەر مرۆڤ لە ئەرکگرانیدا لەمەڕ ئیشکردن و سکڕبون ڕیسوا دەکەن، وێنەیەکی ئێرەیی/حەسودی بۆ(ژیانی ئاسان)ی خوداکان، لە عادەتی نە ویستنی منداڵەکانیان، بۆ ئەو باوەڕەی کە ژیان بە بێ (تەندروستی) شایستەی ژیان نیە،(بەو شێوەیەی کە دکتۆر/ physician، بۆ نمونە، ڕاگیراوە بۆ تێنەگەیشتنی بانگ کردنی، کاتێک درێژە بە ژیان بدات کە ناتوانێت تەندروستی بپارێزێت- کۆماری ئیفلاتون/405 Cوە ئەوەی کە خۆکوژی ئیشارەتێکی شکۆدارە بۆ بەجێهێشتنی ژیانێک کە بۆتە بارێکی گران" هەروەها" زیاتر لە مەیش، دەڵێت" ئەو ڕیسواکردنە لە کۆندا سەبارەت بە کۆیلە، کە بەو شێوەیەی تڕۆکراوە لەبەر ئەوە تەنیا خزمەتی زەرورەتی ژیانی کردوە، وە خۆی تەرخانکردوە بۆ ناچاریەکانی خاوەنەکەی، چونکە ویستویەتی لە ژیاندا بمێنێتەوە بەهەر نرخێک بێت، ئایا نابێتە ئەوەی کە لە سەردەمی مەسیحیەتدا ببوژێتەوە. یەکێک هەرگیز لەگەڵ ئیفلاتوندا نابیت بۆ تڕۆکردنی مرۆڤی کۆیلەکە نابێت خۆیبکوژێت لەجیاتی ئەوە ی کە خۆی تەرخانکردبیت بۆ خاوەنەکەی، لە ناو ژیاندا مانەوەی لە ژێر باری هەمو هەلومەرجێکدا کە دەبێتە ئەرکێکی پیرۆز/Holy duty، وە خۆکوژی بەو شێوەیە تەعبیری لێکراوە کە لە تاوانیش خراپتر بێت"

بە کورتی، ئیفلاتون، بەرگری لە مانەوەی سیستەمی کۆیلایەتی دەکات و لە پشت جیهانبینیە ئەریستۆکراتەکانەوە دەفەلسەفێنێت لە پێناوی (باشەدا)، ڕێگای بە کۆیلەداوە لە ئەرکی خۆیدا وەکو کۆیلەیەک بمێنێتەوە، وە تەنانەت ڕێگایشی پێنادات بۆ خۆکوژیش!!! وە هەرچەندە سوکرات لە دواهەمین دایەلۆگەکانی ئیفلاتوندا، بە تایبەتی، لە (فە یدیۆ)دا بەهەمو شێوەیەک ستایشی مردن دەکات، تەنانەت فەیلەسوف لەناو ئەو دایەلۆگەدا دەبێتە ئەو کەسەی (خۆی) بۆ مردن ئامادە دەکات. سوکرات بۆ خۆی(خۆکوژی) هەڵبژارد، وە ئیفلاتون بەهەمو شێوەیەک ستایشی ئەو فیکرەیە دەکات، چونکە دەگاتە ناو جیهانێکی تر لە ڕاستەقینەیی، وە ڕزگاربون لە جیهانێک کە هەڵگری ڕاستی و مانا نیە(فۆرمەکان). بۆ نمونە سوکرات لە دایەلۆگی (Phaedo)دا لە بەرگریکردن لە خۆی(٦٤ A 69E) فەلسەفە' پراکتیزەکردنی مردنە' مردن جیابونەوەی ڕۆحە لەجەستە، وە ئەمە ئەوەیە کە فەیلەسوف دەیخوازێت، بۆچی، لەبەر:

١- تەماشای ئارەزوە جەستەییەکان دەکات بە بێنرخو هەرزان. ٢- لە حیکمەتێکی تەواوەتیدا، لاشە پەکۆسپو لە مپەرە. ٣-هەستەکان مەزبوت نین و جێگای پشت پێبەستن نین،٤- سۆزو ویستەکانی جەستە مێشک مەشغول دەکەن" زیاتر لەمەیش، دەڵێت "تەنیا لە دوای مردن، کە ڕۆح ئازادە، دەتوانین حیکمەت درێژە پێببدەین. لەکاتی ژیاندا باشترین شت ئەوەیە کە بیکەین خۆمان لە لاشە دوربخەینەوە چەند بتوانین، کەواتە خۆمان پاکژکەینەوەو ئامادە بین بۆ مردن. ئەگەر ئەوە بکەین، هیوایەکی باش هەیە بۆ ئارەزوەکانی دڵ کە بەردەوام بێت لە دوای ژیان؛ جا بۆڵە بۆڵکردنیش لە کاتی هاتنی مردندا شتیکی بێمانایە(E.٦٧)ترس لە مردن پێشنیارکردنە بۆ خۆشەویستی جەستە لە بری خۆشەویستی حیکمەت"هەرچۆنێک بیت، ئێرە جێگای ئەم وردەکاریە نیە، بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە، سوکرات بۆ خۆی خوکوژی بە شتێکی زۆر خراپ دەزانیت، بەڵام لە ڕێگای سیبیسەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە خودی سوکرات هەڵبژاردنی مردن و خۆکوژیە وەکو فەیلەسوفێک. وە بەهەمان شێوە، سوکرات دواهەمین ڕستەی بۆ هاوڕێکانی لە دایەلۆگی (ئەپۆلۆجیدا-پۆزش) ئەمەیە "زۆر باشە،کاتی ئەوە هاتوە بڕۆم، من بمرم و تۆش(ئێوە) لە ژیاندا بیت؛ بەڵام ئایا کام لە ئێمە دەرفەتی کامەرانی هەیە کە نەزانراوە بۆ هیچ کەس تەنیا بۆ خودا نەبێت" وە سیبیس پرسیاری لە سوکرات کرد (چونکە یەکێکە لە قوتابی و هاوڕێکانی) ئایا چۆن مەبەستت لەمەیە سوکرات، کە هەڵە بێت یەکێک خۆیبکوژێت، لەکاتێکیشدا، خودی فەیلەسوف بە دوایدا بڕوات زۆر بە بەختیاری کە دەمرێت" گومان لەوەدا نیە، کرداری کوشتن بەهەمو شێوەیەک نامۆراڵە، بەڵام دەبێت هەلومەرج و کۆنتێکستەکانیشی وەربگرین و بخوێنینەوە، ئایا بۆچی و لەبەرچی هۆکارێک کرداری کوشتنەکە ڕودەدات، وە بۆچی مومکینە دوبارە بێتەوە؟ وە بیریشمان نەچێت کوشتن- تاوان،و خۆکوژی دو شتی جیاوازن لەیەکتری. هەرچەندە هەندێک لە کۆمەڵناسە گەورەکان لەکاتی خۆیاندا کەوتونە ئەو هەڵەیەوە کە وەکو دوشتی لێکچوو تەماشایان بکەن. بە لای ئیمیل درۆکهایمەوە خۆکوژی" وەک تاوانە، پەیمانێکی ئیمۆرالیتی هەیە (نەبونی ئەخلاق/ باشە)".. ئەم تێڕوانینەیش دیارە بەمیتۆدە کۆمەڵناسیەکەیەوە بەستراوە تەوە، کە هەندەی تەماشای کۆلێکتیڤی کۆمەڵگای(کۆشوناسیو پێکەوەیی کۆمەڵگا)ی پێدەخوێنێتەوە بەتەنیا، هێندە گرنگی بەمەقام و شوێنی ئیندیڤیدواڵ نادات، ئەمەیش بە لای منەوە، هەڵگری کێشەیە، چونکە نایەوێت لەشەبەحەکانی ئایین خۆی قورتار بکات. وە منیش لەم بابەتەدا، هێندە جەغد لەسەر کەمایەتی، یان تاکایەتی دەکەمەوە، هێندە پشت ئە ستور نیم بە کۆلێکتیڤو کایەی گشتی و نۆرمەکان، بەڵکو تاکو ڕادەیەک، پێچەوانەیشی دەوەستمەوە.